ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
69
10 ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری 2023

## بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت شەڕی حەماس وئیسرائیل!

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٧ی ئۆکتۆبەر، بزووتنەوەی حەماسی ئیسلامی هێرشێکی سەربازی بۆ سەر ئیسرائیل بەڕێخست و وەک کاردانەوەیەکیش هێزەکانی ئیسرائیل، جگەلەوەی هێرشەکەی حەماسی بە ڕاگەیاندنی شەڕ ناوزەدکرد، هاوکات کەوتە هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە و بۆردومانی ناوچەکانی غەزە، لەئەنجامدا بەهەزاران کەس کوژرا و بریندای لە هەردولا لێکەوتۆتەوە و وێرانکاریەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەم ڕووداوە لە فەزای سیاسی کێشمەکێشی هێزە جیهانی و ناوچەییەکاندا و لەژێر سێبەری جەنگی ئۆکرانیا و پەرەگرتنی میلیتاریزم و ململانێی دەوڵەتانی ناوچەکەدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی ڕاکێشاوەتە نێو جەنگ و کارەساتێکی گەورەی ئینسانیەوە، کە ئاکامەکەی جگە لە سەپاندنی وێرانی و کوشتار و ئاوارەبوونێکی زیاتری خەڵکی بێتاوان شتێکی تر نییە. بەتایبەتی کە دوای دوو ڕۆژ گەرمبوونی ئاگری شەڕی نێوان حەماس و هێزەکانی ئیسرائیل، تادێت ئاماری قوربانیەکان و دەخاڵەتی دەوڵەتانی ناوچەکە و هێزە ئیمپریالیستیەکان ڕوولەسەر دەکات.

ئەم شەڕ و پێکدادانە لە گۆشەیەکی خۆیدا، بەرئەنجامی بنبەستی پڕۆژەی چارەسەرکردنی "ئاشتیانەی" ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوایە بۆ کێشەی فەڵەستین و لەسەرکاربوونی حکومەتێکی

بۆ لاپەڕە ٢



## قەیرانی حەماس لە مەسەلەی فەلەستیندا

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## دۆخی ژیان و گوزەرانی کرێکارانی کۆمپانیاکان و چیکردن!!

وەستا مەهدی ڕەسوڵ

بۆ لاپەڕە ٤



## ململانی و جەنگی نیوان ئیسرائیل و فەلەستین ریشەی لە چیدایە؟

عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە ٦



## دزیکردن بە گوێرەی یاسا !

مستەفا باهیر

بۆ لاپەڕە ٧

## کۆنگرەیەکی لاواز یان ناسیۆنالیستێکی شکستخواردوو؟

عوسمانی حاجی مارف

لاپەرە ٩

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی............بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت شەڕی حەماس وئیسرائیل!

فاشیست و ڕاستڕەوی وەک حکومەتەکەی ناتانیاهۆ، کە لەئێستادا گیرۆدەی قەیرانێکی قوڵی سیاسی و ئابورییە. هاوکات گۆشەیەکە لە کارنامە و هەوڵی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتە تیرۆریست و کۆنەپەرستەکانی لە ئاست ناوچەکە و لە فەڵەستین، لەچەشنی حەماس و جیهادی ئیسلامی، بەدژی هەوڵەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا کە ماوەیەکە بۆ لێکنزیکردنەوە و ڕێکەوتنی دەوڵەتانی عەرەبی لەوانە سعودیە و مەغریب و سودان لەگەڵ ئیسرائیل، دەستیان داوەتێ، تا بتوانن زەمینەیەک بۆ ئارایشتدانەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەوجۆرەی کە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپاییەکانی دەیخوازێ، سازبکەن. پشتیوانیکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران و حیزبوڵای لوبنانی و سەدر و مالیکی و حکومەتەکەی سودانی لە حەماس و هێرشەکەی، نیشانەیەکە لەم راستیە.

بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە ئەوەیە کە هەردوو لای ئەم شەڕە، نەک هەر نایانەوێت برینێک کە لە جەستەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵکۆلراوە، چارەسەر ببێت، بەڵکو بەدرێژەدانیان بە کارنامەی جەنگ و تیرۆریزم و کاولکاری، پاساو و خۆراک لە یەکتر وەربگرن و بۆ ڕاگرتنی پێگەی خۆیان و هێزنواندنیان، لەو گێژاوەی کە لە ناوچەکەدا هەیە، نەک هەر کوشتار و وێرانکاری هەرچی زیاتر بەسەر هاولاتیانی بێتاوان داسەپێنن، بەڵکو گشت ناوچەکە بەرەو کارەساتێکی گەورەی ئینسانی ڕاپێچ بکەن.

بێگومان لەم شەڕەدا کە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بێتاوانی فەڵەستین و ئیسرائیل بەهۆی مەیدانداری ئەم دولایەنە کۆنەپەرست و ئینسانکوژانەوە، قوربانی ئەوەڵ و ئاخرن و سالآنێکە ژیان و ئەمنیەتیان پایەماڵدەکرێ و شوێنی ژیانیان وێران و خاپور دەکرێ، دەبێ بەرانبەر هەردولای ئەم شەڕ و میلیتاریزمە ڕابوەستنەوە و ڕیزی سەربەخۆی خۆیانی لێبپارێزن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا کە سالآنێکی زۆرە لە پێکهێنانی دوو دەوڵەتی سەربەخۆی یەکسان لەمافدا، وەک ڕێگایەک بۆ چارەسەری کێشەی فەڵەستین داکۆکی و بەرگری دەکات، هاوکات خەڵکی ئازادیخواز چ لەجیهان و ناوچەکەو چ لەئیسرائیل و فەلەستین، وە لەپێشیانەوە خەباتی یەکگرتوانەو پێکەوەگرێدراوی کرێکارانی ئیسرائیل و فەلەستین بانگەواز دەکات لەدژی ئەم شەرە و لایەنەکانی بێنەمەیدانەوە. ئەمە ئەو هێزو بزوتنەوەیەیە کە مەسەلەی فەلەستین لەدەستی دەولەتان و هیزە بۆرژوازیە تیرۆریست و ئینسانکوژەکان دەردێنێ و دەرگا بەرووی چارەسەرێکی سیاسی و ئاشتیانەدا دەکاتەوە.

٨/١٠/٢٠٢٣

**کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستان، وەکو کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری، تیایدا جیاوازی چینایەتی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە، بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. ناکۆکی نێوان ئەم دوو چینە، ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵگەیە و سەرجەم کێشە و ناکۆکییەکانی تر لە دەوری ئەمە تەوەرەیان بەستوە. لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا-ناسیونالیستەکان، وەکو نوێنەر و دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی کورد ڕۆڵی خۆی گێڕاوە و لەسایەیدا کەمایەتییەکی کەم لەسەر حسابی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و سەپاندنی هەژاری و نەداری و کوێرەوەری بەسەر زۆربەی هەرە زۆری دانیشتواندا، بوون بە میلیاردێر و لەناو سەروەت و ساماندا نوقم بوون. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆ لەڕووی پەرەسەندنی ئابووری و پیشەسازی و بەهرەمەندبوونی لە سەروەت و سامانێکی زۆرەوە، زەمینە بابەتییەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی تیادا فەراهەم بووە کە لە سایەیدا هەموان خۆشگوزەران بژین. ئەمانە چینی کرێکار و بزووتنەوەکەیانی کردووەتە هێزی بنەڕەتی بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەم چینەیان کردووەتە کارێکی پێویست و دەستبەجێ و**

**لە ڕووی بابەتیشەوە مومیکن.**

**بەشێک لە بەڵگەنامەی حزب: مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە... پەسەندکراوی کۆنگرەی (٥) دێسمبەری ٢٠٢١**

# قەیرانی حەماس لە مەسەلەی فەلەستیندا

عوسمانی حاجی مارف

هێرشی غافڵگیرانەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ خەڵکی ئەو ناوچانەی نزیکی کەرتی غەزەی لە خەو هەڵسان. هەزاران چەکداری لیواکانی عیزالدین ئەلقەسام هێرشیان کردە سەر شارۆچکەکانی تەنیشت کەرتی غەززە، بەهاویشتنی هەزاران موشەک لە غەززەوە بەرەو تەلئەبیب و قودس و شارەکانی باشوور کە ژمارەیەکی زۆر قوربانی لێکەوتەوە.

ئەم دیمەنە شۆکهێنەرە بێوێنەیە لەلایەن فەرماندەی گشتی حەماسەوە، بەدەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ”لافاوی ئەلئەقسا “ دژی ئیسرائیل ناوزەد کرا کە نزیکەی 5 هەزار مووشەک ئاراستەی شارەکانی ئیسرائیل کرا و لەچەند لاوە هێرشی زەمینی بۆ سەر چەند ناوچەی ئیسرائیل ئەنجام دراو سەدان کەس بەدیل گیران و سەدانی دیکەش کوژران.

هێزەکانی ئیسرائیل،بە هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە، بۆردومانی ناوچەکانی غەزەی ئەنجامدا، کە لەئەنجامدا بەهەزاران کەس بە کوژراو بریندار لەهەردولا بونە قوربانی، لەهەمانکاتدا وێرانکاریەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە.

لە ڕاستیا بابەتەکە لێرەدا ئەوەمان دەخاتە پێشچاو کە ئەتوانین بڵێین "لافاوی ئەلئەقسا" کردارێکی کوتوپڕ و سوپرایز نییە، واتە چاوەڕوانکراو بوو، چونکە لە ژێرڕۆشنایی ئەو سیاسەتانەی کە حکومەتی ئێستای ئیسرائیل پەیڕەوی لێدەکات، لە دوای پێکهێنانەوەی حکومەتی ئیسرائیل لە دەورەی تازەداو کۆتایی ساڵی ڕابردوو، ئەم حکومەتەی کە بە توندڕەوترین حکومەت لە مێژووی دەوڵەتی ئیسرائیلدا پێناسە دەکرێت، بەئاشکرا و بەجۆرێک کوشتنی فەلەستینیەکان ڕادەگەیەنێت و داوای قڕکردنیان دەکات. ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی لەم بارەیەوە لە سەرەتای ئەمساڵەوە ڕاپۆرتێکی بڵاوکردبووەوە، کە پێداگری لەسەر چاودێری چۆنیەتی زیادکردنی مەترسیەکانی حکومەتی ڕاستڕەوی ئیسرائیل لەسەر ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین دەکات، دەوڵەتی ئیسرائیل هەنگاوی مەترسیدار لەبەرامبەر فەلەستینیەکاندا نیشان ئەدات.

بۆیە پەرچەکرداری هێزەکانی حەماس بەجۆرێک لە ڕەنگدانەوەی هەوڵێکدایە کە پێشوەخت دەوڵەتی ئێستای ئیسرائیل هێرشەکەی بۆ سەر دانیشتوانی فەلەستین ڕاگەیاندووە، ئەمەش ئەو فرسەتە دەخاتە بەر بزوتنەوەی حەماس کە مەرامە سیاسیەکانی و جوڵەی سەربازی لەم ڕێگەیەوە بەکار بهێنێت و کارەساتێکی لەو چەشنە پێشوەخت بخولقێنێت.

بەڵام ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم کردارە سەربازیەی حەماس و خولقاندنی کارەساتێکی لەو چەشنە، لەوە واوەترە کە تەنها وەک پەرچەکردارێک لەلایەن حەماسەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بەڵکو ئەمجۆرە لە بەکارهێنانی فرسەتێک بۆ ڕاگەیاندن و عەمەلی کردنەوە جەنگی حەماس لە بەرامبەر ئیسرائیلدا، کارێکە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو ئالوگۆڕو پێشهاتانەیە کە وەک نەخشەو پرۆژەیەک لەلایەن ئەمریکاو ڕۆژئاواوە خراوەتە ئەجندای هەوڵدان بۆ جۆرێک لە گەڕانەوەی ئارامی سیاسی و کۆتاییهێنان بە ناجێگیری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە ئاراستەی دابینکردنی ئاسایش بۆ سەرمایەگوزاری، کە هەنگاوەکانی ئەم پرۆژەیە لە پەیوەندیەکانی ئەمریکا و ئێران و سعودیەو دامەزراندنەوەی حکومەتی عێراق و هەوڵدان بۆ ئارامکردنەوەی دۆخی سوریا... نیشانەکانی ئەو هەوڵانەن. هەڵبەتە جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی لەم چەشنە دوای نزیکەی چەندین دەیە لە نائارامی و گێژاوی ناجێگیری سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەئاسانی نایەتە دەست. چەندین گرفت و کێشە لە بەردەم ئەم پرۆسەیەدا خۆی مەڵاسداوە، بەتایبەتی کێشمەکێشی نێوان تەواوی لایەنەکان بەتایبەتی کێشمەکێشی وولاتانی زلهێزی دنیا و جیاوازی بەرژەوەندیەکانیان گرفتێکی بەرجەستەو گرانە لەم پرۆسەیەدا. گرفتێکی تری بەرچاو، بڵاوبونەوەی بەربڵاوی چەندین هێزی میلیشیاییە بەشێوازی جۆراجۆر لە پەیوەند بە هێزە قەومی و ئیسلامی و تائیفیەکانەوە. لەمانەش گرنگتر چارەسەرنەکردنی کێشەی فەلەستین و کێشەی کوردە کە هۆکارێکی جدی و مێژووی ناجێگیری سیاسیە لە ناوچەکەدا.

لەم پرۆسەیەدا هەرجۆرێک لە هەوڵدان بۆ ئارامبونەوە لە ناوچەکەدا بچێتە سەر هەنگاوی جێبەجێکردنەوە، کۆتاییهێنان بەهێزە میلیشیاکان مەسەلەیەکە کە دەبێت کاری لەسەر بکرێت. بۆیە پرۆژەیەکی لەم چەشنە گرفت و ناکۆکیەکی فراوانی لەسەر دۆخەکەو پرۆسەی کۆتایی بە دەورو دەسەڵاتی هێزی میلیشیا پێکهێناوە. بزوتنەوەی حەماس و هەر هێزێکی میلیشیا پەلەقاژێی بەرەنگاری لەپێناو مانەوەی هێزەکەیاندا دەکەن. ئەم کردارە "لافاوی ئەلئەقسا" لەلایەن حەماسەوە، هەر شێوازێکی توانای هونەری شەڕو بەرەنگاری لەبەرامبەر ئیسرائیلدا ڕاگەیاندبێت و هەرلایەنێکی لە پشت بێت، بەڵام لەم هەلومەرجەدا، هەوڵدانێکە بۆ زیاتر زەمینە خۆشکردن لە پێکهێنانی دۆخی نائارام و گێژاوی سیاسی زیاتر، بەئاراستەیەک کە سودمەندبێت بۆ مانەوەی هێزە میلیشیاکەی و

⇦

دەسەڵاتی لە فەلەستیندا، یان هەوڵئەدات لەم ڕێگەیەوە ڕێگایەک پەیداکات بۆ ئەو بنبەست و قەیرانەی وەک هێزێک لەبەرامبەر نوێنەرایەتی کردن بۆ کێشەی فەلەستین دەرگیریان بووە.

ئاکامەکانی ئەم ڕووداوە بەتایبەتی لە وەڵامدانەوەی ئیسرائیل بە حەماس، ڕاگەیاندنی جەنگە. ناتانیاهو وەک لایەنی ئیسرائیل ئەوەی دوپاتکردەوە، کە لە ئامادەباشیدان بۆ جەنگ و تۆڵەسەندنەوەیەکی توند لە حەماس. بەمشێوەیە دۆخێکی زۆر نالەبارتر لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە دەخولقێنن و تاماوەیەکی نادیار دۆخی شەڕو مەترسی کاری تیرۆرستی دەخەنە ناو ژیانی خەڵکەوە. لەهەمانکاتدا بەمجۆرە کردارانە بۆماوەیەکی نادیار ئەو پڕۆژەیەی بۆ ئارامی سیاسی کە ئەمریکاو ڕۆژهەڵات بۆ ئاسایشی سەرمایەگوزاری پیادەی دەکەن، دەخەنە دواوە.

لەگەڵ ئەگەری هەر مەترسیەکدا کە بەدوای ئەم کارە سەربازیەی حەماس بەرەوڕوی ناوچەکە دەبێتەوە، لەهەمانکاتدا کێشەی فەلەستین پێچیدەترو لەنێو گێژاوێکی سیاسی بێچارەتردا دەمێنێتەوە، چونکە حەماس وەک دەسەڵاتێکی گەندەڵ و تالانچی، دەمێکە شکستی هێنا لەوەی بتوانێ نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی چارەسەری کێشەی فەلەستین بکات، لەهەمانکاتدا هاوشانی حزبوڵا و بەشێکی زۆری هێزە ئیسلامیەکان لەناوچەکەدا پاشکۆی نەخشەو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانن.

لەهەمانکاتدا پێموایە ئەو هەوڵانەی ئەمریکاو ڕۆژهەڵات و وڵاتانی زلهێزی دنیا دەخالەتیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەئاراستەی ئارامکردنەوەی ناوچەکەیە بۆ ئاسایشی سەرمایەگوزاری، واتە بە قازانجیان نیە ئەم پرۆسەکە ڕاگرن، چونکە وەڵامدانەوە لە بەرامبەر بەگەرمکردنی دۆخی جەنگ، دەیانخاتە بەر قەیران و پاشەکشەو شکستی زیاترەوە، بەتایبەتی هەر شکستێک کاریگەری داشکانەوەی زیاتر لەسەر پێگەی دەوڵەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دادەنێت، بە مانای مانەوەو بەرجەستەکردنی سەرمایەگوزاریە، هەڵبەتە ئاراستەی ڕوداوەکان و کیشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی دنیاو وڵاتانی ناوچەکە، ئەگەری چاوەڕوانیە لە ڕودان و پێشهاتی چەندین ئاراستە، بە مانای کارەساتی تر لە ئایندەی هەلومەورجی سیاسی ناوچەکەدا.

ئەوەی پێویستە پێداگری لەسەربکرێت، لە گونجاوترین و باشترین ڕێگای بەرگرتن بەم جۆرە هەڕەشانە لە سەر دانیشتوانی ناوچەکە و گەڕانەوەی ئارامی بۆ دانیشتوانەکەی، هاتنەمەیدان وخرۆشانی جەماوەریە لە فەلەستین و ئیسرائیل لە سوریا و لوبنان و عێراق.. بۆ دەرپەڕاندن و پاککردنەوەی تەواوی ئەو هێزو لایەنانەی باڵادەستی لە داگیرکاری و تاڵانیان کرۆدتە بنەمای هەڵسورانی سیاسی و هۆکارن لە خوڵقاندنی شەڕ و تیرۆر و نائارامی و ناجێگیری سیاسیدا.

لەهەمانکاتدا چارەسەری کێشەی خەڵکی فەلەستین کە گرێ و مەسەلەیەکی مێژویی و جدیە، پێویستە بەڕێگاچارەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین کۆتایی بەم کێشەیە بهێنرێت، تا ئەم کێشەیە بەهەڵواسراوەیی بمێنێتەو، ئارامی و ئاسودەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زەحمەتە فەراهەم بێت.

# دۆخی ژیان و گوزەرانی کرێکارانی کۆمپانیاکان و چیکردن!!

وەستا مەهدی ڕەسوڵ

سەرەتا دەمەوێت وێنایەکی گشتی لەسەر چینی کرێکاری کۆردستان بخەمە بەردەست. کرێکاران لە چ بارودۆخێکدا کاردەکەن ؟چ سیستمێکی کار جێبەجێ دەکەن ؟وئاستی گوزەرانیان چۆنە؟ وتەعامولی خاوەنکار بە چ شێوەیەکە لە گەڵیان ؟ ئەگەر لە دۆخی کارکردنەوە سەیرکەین، دەبینین بەشێوەکی گشتی کرێکارانی کەرتی تایبەت لە گشت کارخانەکاندا بە سیستەمی وەجبات و شەفتات کاردەکەن. بەشی هەرەزۆری کارخانەکان کار تیایاندا ٢٤سەعاتیە. لە هەندێ کارخانە هەم کارەکانیان سەختەو هەم لە ٨ کاتژمێر زیاتر کاردەکەن. بەشێک لە کارخانەکان جۆرێک لە سەیفتی تیدایە و هەندێکیش زۆربایەخ بە سەلامەتی شوێنی کار نادەن. کارخانەو کومپانیاش هەیە بەتایبەت ئەو پرۆژانەی کاری تەلارسازی دەکەن، هیچ گوێ نادەن بە سەلامەتی شوێنی کار. کەمترین کارخانە هەیە دەرمانخانەو دکتۆری موقیمی تێدابێت.

کرێکارانی کەرتی گشتی یان رونتر بڵێم حکومی، دۆخی کارکردنیان کەمێک باشترە. لانی کەم سەعاتەکانی کارکردن کەمترە، پشوە رەسمیەکان دەیانگرێتەوە. تەنها هەندێ ناوەند نەبێت کە لانی کەم ئەبێ لە رۆژانی پشوی فەرمیشدا خەفارەتیان هەبێت، بۆنمونە بەرێوەبەرایەتیەکانی کارەبا و نەخۆشخانەکان . لایەنی سەیفتیش تیایاندا کەم تازۆر رەچاودەکرێت. تەنانەت هێشتا هەندێ مافی یاسایش

جێبەجێ دەکرێت.

کەواتە دەتوانم بڵێم ژینگەیەکی سەلامەت بۆکارکردن لە کوردستان دابین نەکراوە. بەڵگەش ئەوەیە کە ئاماری ساڵانەی قوربانیانی کارکردن روو لەزیادبوونە. لە هەر گەشەکردن و زیادبوونی پرۆژەکاندا رێژەی قوربانیەکانیش دەچێتەسەرەوە. خاوەنکار لەکوردستان پشت دەبەستێت بە گرێبەستی تاک. گرێبەستی بەکۆمەڵ نییە. سەرەتای دامەزراندنی بەلێشاوی کارخانەکانی پیشەسازی چیمەتۆ و شیش و پاڵاوگەکانی نەوت و دروستکردنی خواردەمەنی وخواردنەوەی غازیەکان، بەهۆکاری نەبونی نوسینگەکانی بەکارخستن، کرێکاران لەرێگای حزبەوە یان لەرێگای کەسایەتیەکەوە وەیان لەبەرئەوەی کە لەنزیکی دێیەک یان لەبەرئەوەی موڵکی کەسانێک کەوتوەتە ناو زەمینی کارخانەکەیەوە، چونەتە سەکار. کەمترین کرێکار لەسەر شەهادەو ئیختیساس کاری دەست کەوتووە. کارخانەکان بەشێک لە کرێکارەکانیان ئەو کومپانیایانە هێناویانن کە یان پشکیان هەیە لە کارخانەکان یان بەسەرپەرشتی کاری کارخانەکان بەرێوەدەبن وشارەزاییان هەیە.

کرێکارانی کوردستان لە ئەنجامی مومارەسەی کاردا بوونەتە کرێکارێکی شارەزا لەو کارەی کە دەیکەن، بەڵام هیچکات موچەکەی ناگاتە موچەی ئەو کرێکارانەی کە هاتوون. چینی کرێکار لە کوردستان ئازادی رێکخراوبونیان نییە ، بۆدفاع لەمافەکانیان هیچ جۆرە رێکخراوێکیان نییە . نارەزایەتی لەسەر شێوەی کار، کەمی موچە، ناسەلامەتی شوێنی کار، زیادەکاری، قەدەغەیە. چەندین کرێکار بەهۆکاری ئەوەی نارەزایەتی رێکخستووە روبەروی دەرکردن لەسەرکار بوونەتەوە.

با بچینە سەرئەوەی کە کرێکارانی کومپانیاکان لەبەرامبەر بەم دۆخەدا چیبکەن وە یا چی بکرێ. بەبروای من بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخە، بەتایبەت کە حوکمەت شانی خۆی خاڵی کردوەتیەوە لە بەرپرسیاریەتی بەژیانی کریکاران و رێگەشی خۆش کردوە بۆ کومپانیان کە خۆیان چۆن دەیانەوێ ئاوها کار بەکرێکاران لە بەرامبەر بەم دۆخەدا چیبکەن وەیا چی بکرێ! هیچ رێگە لەبەردەم کرێکارانی کومپانیاکان نەماوە تەنها ئەوەنەبێت لەرێگای کۆبونەوەی گشتیەوە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و دەستەی کرێکارانی کارخانەو کارگەکان دروست بکەن، کە هیچ وەسیلەیەک نەبێت بۆ دفاع، ئەبێ هەر ئەمە بکەن و بۆهەر نارەزایەتیەکیش بانگەوازی هاوچینەکانیان بکەن پشتیوانیان بەدەست بهێنن .

کرێکارانی کارخانەی گرێن عێراق نمونەی ئەم جۆرە لەرێکخراوبونیان تەجروبەکردووە. کرێکارانی کارخانەی چیمەنتۆی تاسلوچەش بەهەمانشێوە لەرێگای دەستیەکەوە توانیویانە نارەزایەتی خۆیان دەرببرن. کرێکارانی ژینگە پارێز لە ئیدارەی گشتی راپەرین ، کرێکارانی ژینگەپارێز لە چەمچەماڵ و تەکیە وسەید سادق وهەڵەبجە هەروایان کرد . ئەمە هەنگاوێکی سەرەتاییە کە ئێستا کرێکاران بەئاسانی دەتوانن دەستی بۆبەرن، بەتایبەت کە سەردەم سەردەمی تەکنەلۆجیای زۆر پێشکەتووە و تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بەردەستی گشت کرێکارانە .

کێشەی نێوان خاوەنکارو کرێکاران و رێگەچارەکەی بۆئەوەی خاوەنکارو کۆمپانیاکنی کەرتی تایبەت دەست هەڵگرن، لەم زوڵمەی کە لەکرێکارانی دەکەن لەگرەوی هاتنەمەیدانی بەشی پێشرەوی چینی کرێکارە و رێکخراوبونیانە بەجۆرێک کە بتوانێت فشاردانێ لەسەر خاوەکارەکان .

**بەهرەمەندبوونی کرێکارانی کوردستان لە یاساکارێکی پێشرەو و هاوچەرخ مەسەلەیەکی دەستبەجێی و هەنووکەییە بۆ پاراستنی ژیان و کەسایەتی و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران!**

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
فاییەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
رێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەماڵ**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی: **جەماڵ موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# ململانێ و جەنگی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین ڕیشەی لە چیدایە؟

عەبدوڵا مەحمود

چارەسەرنەکرانی کێشەی فەلەستین، هیشتنەوەی یەکێک لە کێشە ئاڵۆزەکانی دنیای ئەمڕۆیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ڕاستەوخۆ سایەی کردۆتە سەر بلۆکبەندیەکانی جیهان و لێکەوتەکانی لە ئاستی دنیادا. هاوکات یەکێکە لەو کێشانەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەدۆخێکی هەمیشە نائارامدا ڕاگرتووە. دیارە تا ئەو کێشەیەش چارەسەر نەکرێت، نائارامی و پشێوی سیاسی درێژەی دەبێت و وەکو واقعیەتیکی تاڵ سایەی خۆی بەسەر سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا دەهێڵتەوە.

کێشەی فەلەستین لە بنەڕەتدا کێشەی خەڵکێکە کە نزیک بە سەدەیەکە ژیانکردن لەسەر زەمینی خۆی لێ زەوت دەکری، ئەم بێبەشی و ستەمە بەرەو هەڵکشان براوەو خەڵکەکەی زوڵملێکراوتر و دەربەدەرکراون و مافە زۆر سەرەتاییەکانیان لێزەوتکراوە. لەو جێگایانەش کە فەلەستینیەکان ماونەتەوەو ئاوارەی ناو کەمپەکان و دنیا نەکراون، بەکردەوە بوونەتە هاوڵاتی پلەی سێهەم و چوارەم و دەوڵەتی ئایینی ئیسرائیلی، چ بەوێنەی یەهودی بوون و چ بەوێنەی ئیسرائیلی بوون، مافی ئەم خەڵکە پایماڵ دەکەن.

دیارە لەکۆتاییەکانی دەهەی چوارەمی سەدەی بیستەمەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، مافی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی دان پیاناوە، بەڵام بەکردەوە ئەمە نەک جێبەجێنەکراوە، بەڵکو خودی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، کە تاهاتووە پابەندبوونی بە بریار و پەیامەکانی خۆی لەدەستداوە، کەوتۆتە ژێر هەژموونی و باڵادەستی ئەمریکاوە، بەو هۆیەشەوە ئەم بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیان بریاری تری لەسەر ڕەفەکانی دنیای دیموکراسیدا!!، بەتایبەتی بریارەکانی دژ بە سیاسەت و ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیل، خۆڵی لێنیشتووە.

هەموو ئەو کێشمەکیشە مێژووییەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین کە دەورەیەک بەناوی کێشەی" عەرەب- ئیسرائیل" ناسرا و هەموو ئەو جەنگانەی لەناو دڵی ئەم کیشە و ململانیەدا لە کۆتایی ٤٠ کانی سەدەی رابردووەوە ڕوودەدەن، ڕەنگدانەوەی چارەسەرنەکردنی ئەو کێشەیەیە، کە بریاری دامەزراندنی دەوڵەتێکە بۆ فەلەستینییەکان.

ملنەدانی ئەمریکا و غەرب بەچارەسەری کێشەی فەلەستین و شکستی ناسیونالیزمی عەرەب لەو ململانێیەدا، جیگای خۆی داوە بە ململانێی نێوان دەوڵەتی ئاینی تیرۆریستی ئیسرائیل لەلایەک و ڕەوتگەلی ئیسلامی سیاسی تیرۆریست لەچەشنی حەماس و جیهادی ئیسلامی و حزبوالله لەلایەکی ترەوە. دیارە لەپشتی هەردوو لایەنەوە هێزگەلی گەورەتری وەکو ئەمریکا و غەرب و ئیران و روسیاو... وەستاون و ئەوان ماتۆری ئەم جەنگ و ملهورییە نەبڕاوەیەن کە لکێنراوە بەکیشەی سیاسی ترەوە، لەپێناو باڵادەستی و هەژموونی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

ڕاگرتن و لەباربردنی پرۆسەی ڕێکەوتنی ئاشتی ئیسرائیل و فەلەستین، هێندەی پەیوەندی بەلایەنە دەرەکیەکانی ئیسرائیل و فەلەستینەوە هەیە، نیوئەوەندە وابەستە بەبڕیاری خۆیانەوە نییە. ئەمریکا و تاڕادەیەک غەرب نایانەوێت پرۆسەی ئاشتی بچێتە پێشەوە و بریاری نەتەوە یەکگرتووەکان بە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستنی بە جێگایەک بگات، بەڵکو بە ئاشکرا پشتیوانی لە سیاسەتی دەستی ڕاستی دەوڵەتی ئیسرائیلی بۆ یەهودنیشین کردنی ناوچە فەلەستینیەکان و دەرکردنی فەلەستینیەکان دەکەن و نەک هەر چاوپۆشی لە ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەن، بەڵکو هاوکاری و پشتیوانی دەکەن. لەلایەنی بەرامبەردا ئیران و ڕەوتگەلی ئیسلامی وەستاون و لەسەر پایەی دارمان و شکستی ناسیونالیزمی عەرەب لەو پرۆسەیەدا، بوونەتە مەیداندار و خۆیان بە کیشەی خەڵکی فەلەستینەوە هەڵواسیوە تا لەو ڕێگایەوە لەلایەکەوە ململانێی سیاسی خۆیان لەسەر دۆسییەو ململانێ ناوچەیی نێوانیان پەرەپێ بدەن، لەلایەکی تریشەوە بە هاوکاری و پشتیوانی لە درندەترین هیزی ئیسلامی سیاسی لەچەشنی حەماس، پرسی ڕەوای خەڵکی فەلەستین لەبار ببەن و ببنە ڕووی دووەم و تەواو کاری ململانیی تیرۆریستی لەبەرامبەر ئیسرائیلدا.

هێرشی غافڵگیرانەو فراوان و هەمەلایەنەی تیرۆریستی شوکهێنەری حەماس بۆسەر شارە یەهودی نشینەکانی ئیسرائیل لە حەوتی ئەم مانگەدا، هەیمەنەی ئیسرائیلی شکاند و پێگەی و جێگاو ڕێگای حەماسی تیرۆریست بردە سەرەوە، ئەمەش لانی کەم و لە کورتماوەدا وەکو قارەمانی ڕزگارییبەخشی فەلەستین لەدنیای عەرەبدا جێگا دەگرێت. جیا لەوانە حەماس لەکاتێکدا دەستی بۆ ئەم کردەوە ئینسانکوژییە برد، کە هەژموونی ئەمریکا لەسەراسەری دنیادا ڕوو لە لێژیە و هاوکات وڵاتانی عەرەبی بەهێزتر و سەقامگیر تر لە پێشوون و خۆشیان بوونەتە کاراکتەری ڕاستەوخۆی ناو ڕوداوەکان لە ناوچەکەدا.

کاردانەوەی و هێرشی فراوانی ئیسرائیل بۆسەر کەرتی غەزە، بەجیا لەوەی دەیەوێت تۆڵەی ئەم هێرشە شکۆ شکاندن و غافلگیرییەی بکاتەوە، لەبنەڕەتدا

ڕیشەی لەو ململانێ میژوویی و لەو بەرامبەرکێی تیرۆریستیەدایە کە چەندین دەهەیە دریژەی هەیە و لەهەر برگەیەکدا سەرکەوتنی ئیسرائیل بۆتە مایەی داگیرکاری زۆرتر و ملهوری هەوسارپچراوتر. جەنگی ئەمجارەش بێگومان لێکەوتەی جیاواز جیاواز بەدوای خۆیدا دەهێنێت و دریژە دەکێشێت، بەڵام ئایا ئەمجارە دەوڵەتی ئیسرائیل لەرێگای کاردانەوەکانیەوە دەتوانێت حەماس تێکبشکێنیت و پێشرەوی بکات، یان دەبێتە سەرەتایەک بۆ شکست و پاشەکشەی ناچاری، ئەوە وابەستەی روداوەکانی داهاتووە.

چ ئیسرائیل و چ حەماس بە هاندان بەپاساوی "مافی بەرگری لەخۆ کردن"، دەیانەوێت هەردوولایان وەکو دوو بەرەی تیرۆریستی خۆیان بەوێنەی زوڵم لێکراو!!، نیشان بدەن. چ ئەمریکا و ناتۆ کە زوو ڕایانگەیاند ئیسرائیل مافی بەرگری لەخۆی هەیە. بەو پەیامە لەلایەکەوە دەیانەوێت هێرش و ملهوری هەموو رۆژەی ئیسرائیل بۆسەر خەڵکی فەلەستین داپێۆشن و لەلایەکی تریشەوە رەوایەتی بەدرێژەدان بە جەنگ و ملهوری تیرۆریستی بدەن. لە بەرەی بەرامبەردا هەر زوو ئیران و هاوئاهەنگەکانی رایانگەیاند کە حەماس و فەلەستینیەکان!! مافی بەرگری لەخۆکردنیان هەیە، بەوەش لەلایەکەوە ویستیان ملهوری هەموو رۆژەی تیرۆریزمی حەماس و سەرکوتگەرییەکەی چ لەبەرامبەر بە خەڵکی ژێر دەسەڵاتیان لە غەزە و چ کردەوە تیرۆریستەکانیان چاوپۆشی لێ بکەن و هاوکاتیش هانیان بدەن بۆ بەردەوامی جەنگی تیرۆریستیان لەدژی ئیسرائیل و خەڵکی بێتاوانی ئیسرائیل.

ئەمریکا و ناتۆ ڕێگرن لە چارەسەری کێشەی فەلەستین و دروستکردنی دەوڵەت بۆ فەلەستینیەکان، چونکە ئەوە بە لاوازبوونی دەوڵەتی گوێ لەمستیان ئیسرائیل لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەزانن و ئەمەش بەپاشەکشە و شکستی خۆیان دەبینن. ئێران و هیزو گروپە تیرۆریستیەکانیش، کە خۆیان بە کێشەی فەلەستینەوە هەڵواسیوە، بەپێکهینانی دەوڵەتی فەلەستین، گەورەترین دۆسیەی پر کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەدەستیان دەردەچیت و ئەم رەوتە و بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی بەشێوەی گشتی لە ئاستی جیهانیدا کەنار دەخات.

لەناو دڵی ئەم دۆخەدا، هیچ ڕێگایەکی تر لەئێستادا بوونی نییە جگە لەوەی کە بەخێرایی جەنگ رابگیرێت و پرۆسەی ریکەوتنی ئاشتی لەنێوان ئیسرائیلیەکان و فەلەستینیەکاندا دەست پێبکاتەوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری دروستکردنی دوو دەوڵەت بۆ فەلەستینیەکان و ئیسرائیلیەکان. کارێکی لەمجۆرەش بەبێ هاتنەمەیدانی جەماوەری زەحمەتکێشی ئیسرائیل و فەلەستین و پشتیوانی خەڵکی ئازادیخوازی دنیا بۆ فشارخستنە سەر دەوڵەتی ئیسرائیل و نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەمریکاو دەوڵەتانی رۆژاوا و کەنارخستن و دورخستنەوەی دەستی ئەمریکا و ناتۆ لەلایەک و ئیران و رەوتە ئیسلامیەکان لەلایەکی تر، لەتوانادا نیە.

تا کێشەی فەلەستینیش چارەسەر نەکرێت، باسی گێرانەوەی ئارامی و ئاسایش لەلایەک و کۆتاییهێنان بەرۆڵی ملهورانەی ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لەوەهم زیاتر نییە.

★

---

# دزیکردن بە گوێرەی یاسا !

## مستەفا باهیر

لەوای داگیر کردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لەساڵی ۲۰۰۳دا، عێراق بوو بە یەکێک لە گەندەڵترین وڵاتەکانی جیهان. لەدوای ڕوخانی " سەدام حسین "ەوە عیراق دابەشکرا بەسەر "تایفەو نەتەوەو دینەکان "داو هەریەکە پشکێکی لەدەسەڵات بەرکەوت.. ئەمانیش کەوتنە دزینی سەروەت و سامانی سەرزەوی و ژێرڕزەوی عێراق و بەهەدەردانی سەروەتەکەی و دابەشکردنی پلەباڵاکانی دەسەڵات بەسەر کەسوکارو خێزانەکانی خۆیاندا. بە ملیارەها دۆلار و دیناریان دزی بۆ خۆیان و دەستو پێوەندەکانیان. خزمەتگوزاریەکانی وەک "کارەبا ، ئاو ، تەندروستی، پەروەردە ، ڕیگاو بان و..هتد" بەتەواوەتی پشتگوێخرا. ئەمە بێجگە لە بڵاوبونەوەی بێکاریەکی یەکجار گەورە لەسەرتاسەری عیراقدا. بۆیە خەڵکی عێراق بەگشتی و لاوان بەتایبەتی ناچار بەوە بوون کە عێراق بەجێبهێلن و ڕوبکەنە وڵاتانی تر. تاوەکو ئێستاش ملیۆنەها عێراقی لەسەرتاسەری جیهاندا بڵاوبونەتەوە، بێجگە لەو ژمارە زۆرەی کە لە ناوخۆی وڵاتدا لە کەمپەکاندا ژیان بەسەردەبەن. هەمو ئەمانە لەدەست ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە ڕایانکردوە.

بەرامبەر بەمانە کریکاران و هەژارانی عێراق نارەزایەتیان دەربڕیوەو چونەتە سەر شەقامەکان، بەڵام دەسەڵاتداران بە گولله جوابی داخوازی خۆپیشاندەرانیان داوەتەوە و بێجگە لەوەی کە بە سەدانیان لە خۆپیشاندەران کوشتوە، بەهەزارانیش بریندداربون و بە هەزارانیش ڕاپێچی زیندان کران. هەرچەندە دەسەڵاتدارانی عێراق توانیان بەهێزی چەک نارەزایتیەکان هێورکەنەوە. بەڵام ناچاربوون بەوەی کە وەڵام بەهەندێ لە داخوازی خۆپیشاندەران بدەنەوە. بەڵام تاوەکو ئێستاش گەندەڵی بەشیوەی یاسا بەردەوامی هەیە.

بەگوێرەی ئەو یاسایەی کەخۆیان دەریانکردوە بەچەندین شێوە ⇦

بەردەوامیان بە دزیکردن داوە.

بۆنمونە کەسێکی وەک "غازی ئەجیل یاوەر" سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق، هەرچەند ماوەیەکی کەم سەرۆک کۆمار بوو ، بەلاَم بەپێی یاسای یەکگرتووی خانەنشینی ساڵی ٢٠١٤ی عێراق، خانەنشینی مانگانەی ئەلیاوەر" ٦١٦٨٠٠٠٠ " دیناری عێراقییە ، کە دەکاتە نزیکەی٥١ هەزار دۆلاری ئەمریکی. ئەگەر کۆی ئەو خانەنشینیەی کە یاوەر بۆ ماوەی ١٨ ساڵ لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢وەری گرتوە کۆکەیتەوە دەکاتە ژمارەیەکی خەیاڵی . ئەمە بێجگە لە مووچەی پاسەوانەکانی کە ئەویش ژمارەیەکی بێشومار دەکات، بەمەرجێک کە خۆی ئێستا لە کەنەدا دەژی ، بیگومان لەوێ پێویستی بە پاسەوان نیە.

بەگوێرەی راپۆرتیکی جزیرەنێت، زۆربەی بودجەی عێراق دەچێت بۆ هەرسێ سەرۆکایەتیەکە. مووچەی مانگانەی سەرۆک کۆمار ٥٠ ملیۆن دینارە ، ٤٠ ملیۆن دیناریش وەک دەرماڵە و میوانداری وەردەگرێت، کە یەکسانە بە ٧٣ هەزار دۆلار، بۆیە مووچەی ساڵانەی ٨٧٦ هەزار دۆلارەو لە ماوەی ٤ ساڵدا ٣ ملیۆنو ٥٠٤ هەزاردۆلار وەردەگرێت.

هەرچەندە عادل عەبدول مەهدی سەرۆک وەزیرانی پێشوی عێراق لە چاوپێکەوتنێکیدا دەلێت کاتێک کە من جێگری سەرۆک کۆمار بووم مانگانە بۆ دەرماڵەو میوان، بێجگە لە موچەکەم، یەک ملیۆن دۆلارم وەردەگرت. هەریەک لەمانە ژمارەیەکی یەکجار زۆر پاسەوانیان هەیە تێکرای موچەی ئەوانیش بە ١٠یان ملیۆن دۆلارە.

هەروەها سەرۆکی پەرلەمان مانگانە ٣٥ ملیۆن دیناری عێراقی وەردەگرێت و ٢٠ ملیۆن دیناریش وەک دەرماڵە و میوانداری وەردەگرێت. بێجگە لەوەی کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر پاسەوانی هەیەو لەگەڵ ئەوانیش شەریکە بەشە. ئەندام پەرلەمانەکانیش مانگانە ٤٠ ملیون دینار زیاتر دەکەون لەسەر دەوڵەت بە موچەو پاسەوانەکانیانەوە.

بێگومان حکومەتیش بەهەمانشێوە موچەی خەیاڵی خۆیان هەیە بۆ نموونە سەرۆک وەزیران و جێگرەکانی، یەکی ٤٠ ملیۆن دیناری عێراقی وەردەگرن، بێجگە لە ٢٠ ملیۆن دەرماڵە و میوانداری، کەدەکاتە نزیکەی ٦٥هەزار دۆلاری ئەمریکی. موچەی مانگانەی وەزیرەکانیش یەکی ٢٠ ملیۆن دیناری عێراقییە ، ١٥ ملیۆنیش وەک دەرماڵە و میوانداری وەردەگرن.

بێجگە لە دزی و ئەو موچە زۆرەی کە بەیاسا وەری دەگرن، ئەمانە شتی سەیرو سەمەرە دەکەن کە هێشتا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا روی نەداوە، بۆ نمونە پارێزگای پێشوی نەجەف "لوئەی جەواد حسین ئەلناسری" کە تەنها لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ ٢٠٢٠ لەوپۆستەدا بووە ، چوار ژنی هێناوە و هەرچوارەکەیانی دامەزراندوە، هەریەکەیان لە شوێنیکی گرنگ و بە موچەیەک کە لە ٢ ملیۆن دینار زیاترە. لەوەش سەیرتر دینبازەکانی شیعەیە کە ١٣ ملیار دیناریان لە گۆری موسا کورێ جەعفر ناسراو بە ئیمام کازم دزیوە.

لەکوردستانیش دزیکردن بەگوێرەی ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانەوە دەردەچیت وەک عێراق وایەو بەردەوامە. حزبەکانیش وەک نوقلی بەرات پۆست دەدەن بەهەوادراو کەسوکاری خۆیان. بەرپرسی حزبەکان خۆیان دەلێن لە کوردستان زیاتر لە ٥ هەزار بەرێوەبەری گشتی هەیە کە ئەمانە موچەی خەیاڵی وەردەگرن. لە کوردستانیش ئەوەی جێگای سەرنج بوو کاتیک دادگای فیدراڵی عێراق بریاری نادەستوربونی پەرلەمانیداو دەرگای پەرلەمان داخرا. پەرلەمانتارەکان یەکی ٥٢ ملیۆن دیناریان وەک بەخشیش وەگرت کە دەکاتە موچەی ٢٠ ساڵی فەرمانبەرێکی خانەنشین کە لە مانگیکدا تەنها ٢٢٠ هەزار دینارە وەردەگرێت.

بەکورتی دەسەلاتداران لە عێراق و کوردستان ماوەی ٢٠ ساڵە بەپێی یاسا و بەدەر لە یاسا بەملیارەها دۆلارو دیناریان دزیوە. ئەم دەسەلاتە لەعێراق و کوردستان بەهیچ شێوەیەک چاوەروانی ئەوەیان لێناکرێت کە چاکسازی بکەن و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە سەروەتی عێراق و کوردستان بخەنە خزمەتی کریکاران و هەژارانی ئەو وڵاتەوە.

بۆیە پێویستە لەسەر کریکاران و هەژارانی عێراق یەکگرتوانە لەدەوری یەکتر کۆببنەوە، هەوڵبدەن بۆ لەناوبردنی ئەم دەسەلاتە گەندەڵە. تاوکو ئەم حزبانە لە کوردستان و عێراق دەسەلاتداربن ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکارو هەژار لە خراپەوە بۆ خراپتر دەروات ،تەنها رێگاچارە لەناوبردنی ئەم دەسەلاتەیە، ئەویش تەنها بەیەکگرتوی خۆمان دێتەدی.

☆

**لەڕوانگەی کرێکاران و جەماوەری ناڕازیەوە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو و میحنەتەی کە خەڵکی کوردستان تێی کەوتوە، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کەنەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی کۆتایی پیبهێنێ، بەڵکو سیستەمێک لەدەسەلاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنی کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە دەربهێنی.**

# کۆنگرەیەکی لاواز یان ناسیۆنالیستێکی شکستخواردوو؟

عوسمانی حاجی مارف

بەهێزترین چاوەڕوانیەکانی ناو پێنجەمین کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاماژەیان بۆئەوە کردوە، کە سەرۆکبونی بافڵ تاڵەبانی یەکلاییکرایەوە. لەرێگەی ئەو لیدوانانەش کە بۆ میدیاکان دراوە، کۆنگرەکە بۆ شەرعیەتدان بە تایبەتمەندی سەرکردایەتیکردنی بافڵ تاڵەبانی لە یەکێتی نیشتمانیدا داڕێژراوە، لەهەمانکاتدا ئاماژەن بۆئەوەی کە کۆنگرەکە سەرۆکبونی بافڵ بۆ حزبەکەیان پیرۆزکرد.

هەروەها هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکێک بوە لە ئەرکەکانی کۆنگرەی پێنجەم، بەو ئاراستەیەی ناوەندگەرایی حزب بەهێزتر دەبێت. ئەو ناوەندگەریەی لێرەدا ئاماژەی پێکراوە، واتە هەڵوەشاندنەوەی سەرکردایەتی هاوبەش لەناو ئەو حزبەدا کە لە کۆنگرەی چوارەمەوە پەسەندکرابوو، واتە ئەرکی سەرکردایەتیکردن یەکلایەنە بە بافڵ تاڵەبانی سپێردرا.

هەڵبەتە پێش کۆنگرە تەواوی ئەو نەخشانەی بۆ یەکلاییکردنەوەی پەسەندکردنی سەرکردایەتی بۆ بافڵ و گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆ هەنگاوی بۆ دەنرا شاراوە نەبون. تەواوی ئەندامانی یەکێتی ئەوانەی بەشداری کۆنگرەکە بون و ئەوانەش بەهەر هۆکارێک بەشدارییان نەکرد، ئاگاداری ئەم ئاراستەیەن کە یەکێتی نیشتمانی لەم کۆنگرەیەدا پاکسازیەکی ڕێکخراوەیی لە ئاستی سەرکردایەتیەکەیدا دەکات.

مەسەلەیەک پێویستە بیخەینە بەرچاو، یان ئەو سەرنجانەی لەسەر ئەم کۆنگرەیە پرسیاری دروستکردوە، بەتایبەتی بەشێک لەو سەرکردایەتیەی پێشووی یەکێتی کە بافڵ دەستبەرداریان بووە، نیگەرانن و دەڵێن ئەم کۆنگرەیە کۆتایی یەکێتیە، یان ئەو یەکێتیەی جارانی جەلال تاڵەبانی نامێنێت، یان یەکێتی لە قەیرانێکی ڕێکخراوەیی و نەبونی ڕابەریەکی کارادا گەمە سیاسیەکانی دەکات.

ئەم قسانەو هەر دەستەواژەیەکی تر کە بەدەوری ئەوەدا پرسیار دروست دەکەن، کە بنبەست و قەیرانەکانی ناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی دەخەنە ئەستۆی ناکارایی سەرکردایەتی کوڕەکانی تاڵەبانی و لاوازی ئەم کۆنگرەیەش هەر لەو چوارچێوەیەدا دەخەمڵێنن. ئەوەی کوڕەکانی تاڵەبانی و دەستەوتاقمەکەیان توانایی سیاسیان لاوازە، گومانی تیا نیە، بەڵام ئەوە نادروستە ئاستی کێشەو قەیران و بنبەستی یەکێتی نیشتمانی لەو چوارچێوەیەدا لێکبدرێتەوە کە کوڕەکانی تاڵەبانی و سەرکردایەتی یەکێتی بە ناکارا پێناسە دەکرێن، بەدوای ئەوەشدا ئاستی لاوازی کۆنگرەکەش بە هەمان پێوانە دیاری بکرێت.

ئەوەی پێویست دەکات با لە چوارچێوەی لێکدانەوەکانی کەسانی نارازی لە بەرامبەر سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی و لایەنگرانی سەرکردایەتی ئێستا بێتە دەرەوە، بە تایبەتی لە بەرامبەر ئەوانەی کە جەلال تاڵەبانی دەکەنە سومبل و هێمای بیوینەی ڕیبازێکی سەرکەوتوی سۆشیال دیموکرات لە کوردستاندا. گوایە خۆشیان درێژە بەهەمان ئەو ڕێبازەی "مام" ئەدەن، باشتر وایە ئەوەیان بۆ ڕاست کەینەوە کە جەلال تاڵەبانی و هەڤاڵەکانی هەر لەسەرەتاوە نمونە و هێمای بزوتنەوەی بنبەست و بێئاسۆی کوردایەتیان لە خۆیان نیشانداوە، بۆ ئەم جۆرە ئەزمونەش دەکرێ ئەم خالانە دیاری بکەین؛

یەکەم/ بەجیا لەوەی بزوتنەوەی کوردایەتی هەر لەسەرەتاوە بزوتنەوەیەکی نا کامڵ و فەلەج بووە، بەو مانایەی بۆرجوازی کوردی نەیتوانیەوە هاوشانی بۆرجوا ناسیۆنالستەکانی دەوروبەری، بەسەربەخۆیی لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەی سەرمایەداری لە ناوچەکەدا خۆی بگونجێنێت، بەڵکو بە پێگەیەکی لاوازو خۆهەڵواسین و پاشکۆ بون بە بۆرجوازی وولاتانی ترەوە، لەگەڵ ڕێڕەوی ئابوری سەرمایەداریدا هەنگاویان ناوە. هەربۆیە زۆرجار بزوتنەوەی کوردایەتی کەوتۆتە جێگاوڕیگایەکی کۆنەپەرستانەوە وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی کۆنەپەرست لەبەرامبەر "چاکسازی کشتوکاڵی" لە دەرەبەگایەتی بۆ سەرمایەداری وەستاونەتەوە. تائێستاش کاریگەری پاشماوەکانی عەشیرەتگەریان لەسەرماوەو بەکاریدەهێنن و سودی لێوەردەگرن. پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانی وەک حزب و ڕابەری بزوتنەوەی کوردایەتی، نوێنەری سەرسەختی ئەو سومبولە کۆنەپەرستی و عەشیرەتگەریە بوون. ئەم حزبەو بەسەرکردایەتی بەرزانی لەلایەک کەزادەو بەرهەمی ئەو واقعیەتەی جێگاوڕێگای خودی ئەو بزوتنەوە کوردایەتیە ناکامڵ و فەلەج و کۆنەپەرستەیە بون، لەهەمانکاتدا بۆخۆشیان لەسەر ڕێڕەوەی پاراستن و بەرجەستەکردنەوەی هەمان ئەو ناکامڵی و فەلەجیە ڕەنگدانەوەیان بووە هەڵسورانی سیاسیان ئەنجامداوە. لە لایەکی ترەوە دوپارچەبونی ئەو حزبە لە ناو بزوتنەوەی کوردایەتیدا، بە مەلایی و جەلالی کە هیچ ڕێرەوێکی جیاوازی ئایدۆلۆژی و شێوازی کاری سیاسی و پراتیکی ڕێکخراوەیی تیا نیشان نەدرا، هەروەها حەتمیەتی مێژوویی بۆ قەیران و بنبەستی بزوتنەوەی کوردایەتی وەها بەرجەستەکردەوە، کە بۆ هەتاهەتایە دەبێت لایەنگرانی بزوتنەوەی کوردایەتی خەو بەیەکریزی کوردەوە ببینن. لەهەمانکاتدا لەسەر واقعیەتی دیاردەی خولقاندنی کارەسات بەسەر دانیشتوانی کوردستانەوە، هەمیشە حاڵەتێکی چاوەڕوان کراودەبێت.

دووەم/ گەر لە ناواخنی پێگەی

لاوازو کۆنەپەرستی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە، لاپەڕەکانی مێژووی بارزانی و تاڵەبانی هەڵبدەینەوە، ئەوە ئەو لۆژیکە دێتە بەردەممان کە دوپارچەبونی پارتی دیموکراتی کوردستان بە مەلایی و جەلالی گورزێکی گەورەی تر بووە لە بزوتنەوەی کوردایەتی. لەهەمانکاتدا هەمیشەو بەردەوام تاڵەبانی بەهەر هەوڵ و سەختگەری و پیداگریەک کاری لەسەر کردبێت و گەورەترین هێزو نفوزی خۆی فراوان کردبێت، نەیتوانیوە لەبەرامبەر پێگەو مەوقعیەتێک کە بارزانی لە ناو بزوتنەوەی کوردایەتیدا بەدەستی هێناوەو نوێنەرایەتی کردووە وەک هێزی ئەوەڵ و حیزبی دایک ناسراوە، جێگای بگرێتەوە، تا ئەو ئاستەی جەلال تاڵەبانی دانی بەوەدا نا کە لەبەرامبەر بارزانیدا وەک کارێکی سیاسی لە ژیانیدا هەڵەی کردووە. واقعیەتی سەرنەکەوتنی تاڵەبانی لە تەواوی مێژوی هەڵسورانی ژیانی سیاسیدا لە بەرامبەر بارزانیدا، نیشانەیەکی گرنگی قەیران و بنبەست و شکستی تاڵەبانیە لە ناو بزوتنەوەی کوردایەتیدا. واتە بەمانایەک جەلالیەت هەر لەسەرەتاوە بە بنبەستی و قەیرانەوە لەدایکبووە. دامەزراندنی یەکێتیش بەهەمان پرۆسەی کێشمەکێش لەگەڵ بارزانیدا هەنگاوەکانی نەخشاندووە، کە لەناو تەواوی ڕوداوە سیاسیەکانداو لەناو بزوتنەوەیەکی ناکامڵ و فەلەج و بنبەست و بێئومێدو کۆنەپەرستدا، لە بەرامبەر پارتی و بارزانیەکاندا، کە بەهێزی ئەوەڵی ئەو بزوتنەوە کوردایەتیە ناسراوە، قوماری کردووە. تاڵەبانی تەواوی ژیانی سیاسی لەو بوارەدا بەکار هێنا، جگە لەوەی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، دواجار عەرەقی شەرمی پەشیمانی ڕاگەیاند.

سێیەم/تەواوی هێزە سیاسیەکانی نێو بزوتنەوەی کوردایەتی بەو پێگە سیاسیەی کە لە ناو بزوتنەوەیەکی لاوازو کورتبینی کوردایەتیدا، هەڵسورانی سیاسی دەکەن، ناچار بون لەلایەک وەک هێزی چەکدارو فریادرەس دەرکەوتەکانی هەڵسورانی سیاسیان بەیان کەن، لەلایەکی تریشەوە بە پاشکۆبون و پابەندبون بۆ نەخشەو بەرژەوەندی سیاسی وولاتان و لایەنی تر، هەمیشە بەبێ مەرج و بەبێ سنور ملکەچیان نواندووە. ئەو دەورانەی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی ئەمریکا لە ناوچەکە بەگشتی و لە عێراق بە تایبەتی بەرجەستەبۆتەوە، بە ئاشکراو بێپەردە تەواو لەخزمەتی نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکادا بونی خۆیان سەلماندووە. دواتریش دەستێکەڵیەکی تەواویان لە گەڵ تورکیا و ئێراندا ئەنجامداوە. لەهەمانکاتدا حکومەتی بەغداش هەمیشە قیبلەنمایان بووە.

گەرکەمێ وردتر لەسەر مەوقعیەتی تاڵەبانی و یەکێتی نیشتمانی بڕوانین، بەتایبەتی بەدوای بەدەستەوەگرتنی زۆنی سەوز، دەبینین پەیوەندی و خۆڕادەستکردنی تاڵەبانی بە کۆماری ئیسلامی زۆر لەوکاتەی کە بارزانی لە پەیوەند بە شای ئێرانەوە چارەنوسی جوڵانەوەکەی دیاری کردبو، تاڵەبانی زیاتر خۆی و هێزکەی بە ئێرانەوە بەستۆتەوە. بەمانایەک ئەمە واقعیەتی ڕۆڵی یەکێتی نیشتمانیە کە لە پاشکۆبونی بە بەرژەوەندیەکانی کۆماری ئیسلامیەوە ئاشکراو بەرچاوە. لەهەمانکاتدا هیچ یەک لە بەرپرسانی باڵای یەکێتی نەک بەهیچ جۆرێک لەبەرامبەر ئەم سیاسەتەدا نیگەرانی و نارەزایەتییان دەرنەبڕیوە، بەڵکو بەتەنها ئومێد بۆ هەڵسانەوەو سەرکەوتنی هێزەکەیان کاریان کردوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم جۆرە لە مامەڵەی سیاسی تاڵەبانی و یەکێتی، تەنها توانیویەتی پاریزەری هێزی چەکداری و دەسەڵاتداریان بێت لە زۆنی سەوزدا، بەڵام هیچکات نەیانتوانی هەلی ئەوە بەدەست بهێنن وەک هێزی یەکەم لە تەواوی کوردستاندا لە مەیداندا بن. ئەمەش ئەو گرفت و خاڵە لاوازەیە کە لە تەواوی مێژووی هەڵسورانی تاڵەبانیدا کێشەیەکی بنەڕەتیان بووە، بە شکستێکی گەورە لەسەر سەری تاڵەبانی و تەواوی سەرکردایەتی یەکێتیدا شکاوەتەوە.

ئەتوانین بڵێین گەر بەگشتی تەواوی کۆنگرەکانی یەکێتی بانگەوازی هەر جۆرە شانازیەک بکات بە هێزەکەیەوە، بەڵام هیچ کات نەیانتوانیوە حاڵەتی ئۆپۆزیسیۆنی لە بەرامبەر بارزانیدا تێپەڕێنن. کۆنگرەی پینجەمیش لە دوو خەسڵەتدا دەناسرێتەوە؛ پابەندبوون و ملکەچی زیاتر بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، هەروەها پاشەکشەی زیاتریش لە بەرامبەر پارتیدا. ئەمە نیشانەکانی هێزێکی ناسیۆنالستی شکستخواردووە، کە بەرچاو ڕۆشن نیە لەبەرامبەر ئەگەری ئەو پێشهات و ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەکەدا پێشبینی دەکرێت، چۆن مامەڵەدەکات. ئەوەی شایانی باسە ئەو کەس و دەستانەی ناو ڕیزەکانی یەکێتی کە وەک ئۆپۆزیسیۆن لە بەرامبەر کۆنگرەی پێنجەم و بافڵدا وەستاونەتەوە، هیچ لاریان لەسەر ئەوەنیە کە یەکێتی تەواو بۆتە بەشێک لە کۆماری ئیسلامی. ئەتوانم بڵێم لاهورو هەر سەرکردەیەکی تری پێش کۆنگرەی پێنجەم، ئەم کۆنگرەیەیان بەدەستەوە بوایە هەمان کاری بافڵیان دەکرد بۆ نزیکبونەوەی زیاتر لە کۆماری ئیسلامی. ئەمەش ئەو ئایندە مەترسیدارەیە کە دانیشتوانی کوردستان بەگشتی و زۆنی سەوز بەتایبەتی چاوەڕوانی دەکات.

واتە لاوازی کۆنگرەی پێنجی یەکێتی لەسەر بنەمای پێگەو ڕۆڵی سیاسی و هاوسەنگی هێزەکەی دەپێورێت کە نەیتوانیوە لایەنی یەکلاییکەرەوەبێت لە هەلومەرجی سیاسی کوردستان و عیراق و ناوچەکەو ئاڵوگۆڕەکاندا. لەلایەکی ترەوە پەیگیری و بەرجەستەبونەوەی ئەو پاشکۆ بونەیەتی بە بەرژەوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە.

یەکێتی نیشتمانی هێزێکە لەچاوەڕوانی ئەوەدایە کە ڕوداوەکان و ئاڵوگۆڕەکان بەئاقاری کام قەدەردا چارەنوسی دەنوسێت. هەر هێزێک لە دوریانێکدا گیری کردبێت و ئایندەی لەدەستی خۆیدا نەبێت، هەمیشە لە دەورانی بنبەستی و لە قەیراندا دەبێت. لەئاکامدا لەبەردەم شکستێکی حەتمیدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، جا بە سەرکردایەتی بافل بێت یا لاهورو هەر سەرکردەیەکی تر، هەمان ئەنجامی دەبێت.

★